کەمپینی هەڵبژاردن: هەموو هەڵکارمان گرتەبەر بۆ ئەوەی ئەو قسەو باسانەی کە پێشتر دەکرا ئەنجام نەکرێت



مەروان مەحەمەد، بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری کەمپینی بانگەشەی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بە دەنگی ئەمریکای ڕایگەیاند، ئەم وەکو کەمپینی هەڵبژاردن هەمو هەڵکارێکمان گرتووەتەبەر بۆ ئەوەی ئەو قسەو باسانەی کە پێشووتر دەکرا لە بارەی ساختەکارییەوە ئەنجام بە هیچ شێوەیەک نەکرێت و دڵرگاکانمان داخستووە، چونکە دەنگدەر تەنها دەتوانێت بە کارتی بایەمتری دەنگ بدات، کارتی بایەمتریش تەنیا بە ئەوانە کراوە کە سەردانی کەمپینیان کرد و خەیان تەمارکردوە و کارتی کورت خایەنی پێشوو کاری پێناکرێت.

وتیشی: "جیاکردنەوەی دەنگەکان لە هەگای دەستی و ئەلیکترۆنیەوە دەکرێت و ئەم وەکو کەمپین هەگا نادەین ساختەکاری بکرێت".

هەروەها ئارام جەمال، بەڕێوەبەری پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن بۆ دەنگی ئەمریکای وتووە، "بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی ڕابردو ئێتوانین بڵێن دەرفەتی کاری ساختە و تێزویر زۆرزۆر کەم لێم هەڵبژاردنەدا، چونکە بە ئەزموونی بینینی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2021 تێنانێت لە هەڵبژاردنی 18ـی 12ـی 2023 بە ئەنجومەنی پاریزگاکان بە ڕاستی ئەو دەرفەتە زۆر زۆر کەم ماوەتەوە بۆ ئەوەی کاری ساختەکاری بکریت، گەر بشکرێت زیاتر لە دەنگدانی تایبەتدا و ئەویش ئەوەیە بتوانن هەزی ناوچەی

دەرەوەی هەرێمی کوردستان بتوانن بخەنە سەر هەرێمی کوردستان دیسانەوە ئەوەش ئاسان نییە".

بەڵام بۆچوونی پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن دەشێت، "داخستنی تەواوی دەرگاکان بۆ ئەوەی ساختەکاری نەکرێت، کارێکی هەروا ئاسان نەبوو و ماندووبوونێکی زۆری ویستوو و تێچووێکی زۆر هەبو کە تەنها دەنگدەر بۆ کارتی بایەمتری دەنگ بدات".

ڕۆژی 26ـی حوزەیرانی 2024، بۆ پێنجەم جار سەرکایەتی هەرێمی کوردستان کاتێکی نوێی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی هەرێم دەستنیشانکرد و بەیاریدا هەڵبژاردنەکە لە ڕۆژی 20ـی تشرینی یەکەمی 2024 بەڕوەبچێت.